

هەورەكان پرسیان: بۆچی؟ باڵتان شكاوە، بریندارن؟!
پەرەسێلكەیەك وتی: نا نا، باڵمان نەشكاوەو برینداریش نین. لەسەر هێلكە كڕكەوتوین، گەر هەستینەوە هێلكەكان سارد دەبنەوەو جووچكەكانی ناویان دەمرن!



ئیتر هەورەكان ڕۆژانە سەریان لە پەرەسێلكەكان دەداو سێبەریان بۆ دروست دەكردن.
پەرەسێلكەكانیش گۆرانی خۆشیان بۆ دەوتن.



دوای سێ هەفتە هێلكەكان یەك یەك تروكان و بێچوەكان هاتنە دەرەوە. ئیتر پەرەسێلكەكان ناچار نەبوون هەموو دەمێ لە هێلانەكەیاندا بنیشن، بەڵكو دەفڕین و دەچون خواردنیان بۆ بێچوەكانیان دەهێنا.



هاوین هات و بێچوەكان گەورە بوون و وەك دایك و باوكیان كەوتنە فڕین. هەورەكان لەگەڵ سێبەری بێچوەكان دەڕۆیشتن و هەموو شوێنێك دەگەڕان.



هاوین تێپەڕی و پاییز هات. ڕۆژێكیان هەورەكان لە دوری دوردوە، پەرەسێلكەكانیان بینی ڕایان دەكرد. بەلایانەوە سەیر بوو، خێرا بەرەو لایان چوون تابزانن چی ڕویداوە.